کۆمیسیۆن:وەڵامی تانەکان لەدەستی دەستەی دادوەری کراون

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایدەگەیەنێت، کۆمەڵێک یەکەمی وەڵامی تانەکانیان ڕەوانەی دەستەی دادوەری کردووە و لە ماوەی سێ ڕۆژی داهاتوودا وەڵامی هەموو تانەکان ڕەوانەی دەستەکە دەکەن.

ئەمە دووشەممە،، عەلی فەیسەل، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆ کرد، دوێنێ یەکشەممە، 31-12-2023، کۆمەڵێک (وەجبە)ـی یەکەمی وەڵامی سکاڵاکانی دژ بە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان ڕەوانەی دەستەی دادوەریی ئەو وڵاتە کردووە.

بە گوتەی ئەو بەرپرسە کۆمیسیۆن، 329 سکاڵا لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە لە دژی کەی پەسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق تۆمارکراون و پێشبینی دەکەن "لە ماوەی سێ ڕۆژی داهاتوودا" وەڵامی هەموو سکاڵاکان بدەنەوە و ڕەوانەی دەستەی دادوەری بکەن.